پـــارێزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە [(SUL. G. (3186)] **ساڵی ٢٠٢٠**

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)

بۆ پرۆژەی:- ئامادەکردنی خواردنی سێ ژەم لە ڕۆژێکدا بۆ بەڕێوبەرایەتی چاکسازی گەوران/سلێمانی (دووەم جار).

پـــارێزگای سلێمانی بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا کان دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە، سەردانی بینای پـــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار ی عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا . کرێی بلاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت .

١- فرۆشتنی تەندەر لە ڕۆژی (2020/6/ 18) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (2020/7/ 1) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠)ی نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (5 / 2020/7) کاتژمێر (١٠:٠٠) ی پێش نیوەڕۆ دەبێت .

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژی (2020/7/5)دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر کاتژمێر (١٠) ی پێش نیوەڕۆ .

٤- هیچ تەندەرێک لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

٥-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە(٣٦٥) سێ سەدو شەست و پێنج ڕۆژ ڕۆژی ڕۆژمێری) .

٦- پێویستە لەسەر کۆمپانیا پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ (٢) ی ساڵی (٢٠١٦) بێت.

٧- پێویستە کۆمپانیا ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی ٢٠٢٠.

٨-پێویستە بەڕێوبەری ڕێگە پێدراو ی کۆمپانیا واژۆ بکات یان کەسێکی ڕێگە پێدراو (تخویل) بەنوسراوی فەرمی دیاری بکات .

٩-پێویستە کۆمپانیا پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان کرابن بۆ ساڵی ٢٠٢٠

١٠- پێویستە کۆمپانیا بڕیاری ڕەزامەندی دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات کە هاوپشکەکانی کۆمپانیای تێدا دیاری کراوە.

١١- کۆمپانیا بارمتەی یاسایی پێشکەش بکات بە بڕی (٧٦,٠٠٠,٠٠٠) حەفتاو شەش ملیۆن دینار بە (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (١١٨) ڕۆژ لە بەرواری داخستنی سندوقی تەندەر.

١٢- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت .

٣- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (90) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

١٤- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی (تحفظ) کاری لەسەرناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

١٥- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی نوسراوی سپاردن .

١٦- پێویستە کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێک بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

١٧- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

١٨- پێوستە کۆمپانیا لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) و ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات .

١٩- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەک لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران - سلێمانی بکات.

٢٠-کۆمپانیاکەتان بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەک لەسەر بەڵگەنامەکانی ستانداردی ئەم پرۆژەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکانی پارێزگای سلێمانی هۆبەی چاودێری وراهێنان /تەندەرین بکات یان پەیوەندی بکات بە ئیمەیلی (email:slemani.gov.tendering@gmail.com) .

((سەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانەی بەشداری دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیایان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت و تایبە تمەند بن لە بواری ئامادەکردنی خۆراک و کاری هاوشێوەیان ئە نجام دابێت و بەرواری دامەزراندنی کۆمپانیا کەیان کەمتر نەبێت لە (٣) سێ ساڵ .

٢- ئەو کۆمپانیا نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆمارین و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تایبەت مەند بن لەبواری ئامادەکردنی خۆراک و کاری هاوشێوەیان ئە نجام دابێت و بەرواری کردنەوەی لقیان لە هەرێمی کوردستان کەمتر نەبێت لە (٣) سێ ساڵ .

تێبینی :-

١- کۆمپانیا پێش کرینی تەندەر بۆی هەیە سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات .

٢- بودجەی پرۆژەکە لەسەر بودجەی (بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی) یە.

ئەحمەد عەلی ئەحمەد

جێگری پارێزگاری سلێمانی بۆ کاروباری هونەری

٢٠٢٠/٦/١٧

وێنەیەک بۆ

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی ٢/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران- سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن .
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان /کاروباری دارایی/فرۆشتنی تەندەر .
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / کاروباری تەکنەلۆجیای زانیاری .
- یەکێتی بەنیندەران بۆ ناگاداریتان.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی مالپەڕی www.slemani.gov.krd بکە .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٥٣٢١٩٣٩٧٣) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر یان email:slemani.gov.tendering@gmail.com

بەڕێوەبەری گرێبەستەکان	ل.کاروباری تەندەر	ئە. چێکی تەندەر	ئە. ئامادەکردنی تەندەر
١٧/٦/٢٠٢٠		١٧/٦/٢٠٢٠	